# رووباری ئارام و کۆنفۆشیۆس

پەرەستووی ئیبراهیمی
و. ئازادی سەید عەبدوڵڵا



## ژیاننامە

هەر کە پەروەردە وفێرکردن وئەدەبیات لە چیندا گەشەی سەند و زانا وبیرمەندان وەك کەسانێکی دەسەڵاتدار بوونە خاوەنی پلەوپایە, فەیلەسوفەکانیش بوونە جێگەی سەرنج وگرنگپێدان.

لەدوایین شەش سەدەی پێش زایین، دوو فەیلەسوفی گەورەی سەردەمەکان لەچین دەرکەوتن. لائوزی، دامەزرێنەری دایویزم و کۆنفۆشیۆس کە فەلسەفە وریبازەکەی پتر لە دووهەزارساڵ باڵی بەسەر وڵاتی چیندا کێشا.

## کۆنفۆشیۆس ( Confucius ) کێ بوو؟

زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەی ژیانیەوە نیە، چونکە ژیاننامەکەی 375 ساڵ دوای مردنی، لە لایەن مێژوونووسێکی نەناسراوەوە، بەنێوی (سو-ما-چی ین)ەوە نوسرایەوە. دوای ئەو هەموو ساڵە لەمردنی، بەهۆی زانایی و کەسێتیی هەڵکەوتوویەوە ، زۆر سەربردەوە و ئەفسانەی کۆنفۆشیۆس بوونە وێردی سەرزاران، (سو-ما-چی) ینیش هەموو ئەو زانیاری و بەسەرهاتانەی کۆکردنەوە.

رەنگە بتوانین جێباوەڕترین و وردترین زانیاری لەبارەی ژیانی کۆنفوشیوسەوە لە گوڵبژێری وتەکانیەوە هەڵێنجین، کە هەرزوو دوای مردنی لە لایەن فێرخوازەکانیەوە کۆکرانەوە.

کۆنفۆشیۆس ساڵی 551ی پ.ز لە ویلایەتی (لو) کە ئێستا کەوتۆتە نێو سنووری شاری نوێی (شاندونگ)ەوە لەدایکبووەوە ساڵی 479ی پ.ز کۆچی دوایی کردوە. دایك وباوکی کەهێشتا هەر لە تەمەنی منالێیدا بوو ماڵئاواییان لە ژیان کرد، ناویان نا کۆنگ-کویی. ناوی کۆنفۆشیۆس لە وشەی کونگ فوزیی لاتینیەوە وەرگیراوە، کە بەمانای (مامۆستای گەورە، کۆنگ) دێت. کۆنفۆشیۆس پڕلایەنگرترین و رێزدارترین فەیلەسووفی مێژووی چینە. بیروباوەڕەکەی لە نزیکەی 100 ساڵی پێش زایینەوە، تا ساڵانی 1900ی زایینی زۆرترین کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی چین جێهێشتووە. حکومەتی چین بۆچوونەکانی ئەوی کردە فەلسەفەی رەسمیی کاری دەوڵەت و زۆر لە وڵاتی دەرودراوسێی چینیش بیروباوەڕەکانی ئەو بەرز دەنرخێنن.

کۆنفۆشیۆس لەهەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی راوێژکاریی یەکێك لە دەسەڵاتدارانی چین دابوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئەو دەیویست لەرێگەی ئەو پلەیەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی پراکتیزە بکات و بەوەش گۆڕانێك لەکۆمەڵگەی چیندا بهێنێتە کایەوە.

گەر فێرخوازانی خۆی نەدەبوون، هەرگیز بیروبۆچوونەکانی کۆنفۆشیۆس نەیاندەتوانی باڵ بەسەر چیندا بکێشن وئەویش هێندە نەدەناسرا، ئەگەرچی هیچ کام لەئامۆژگارییەکانی کۆنفۆشیۆس بەدەستی خۆی نەنوسراونەتەوە، بەڵام وتەو گفتوگۆکانی لەدوو توێی کتێبێك بەنێوی (هەڵبژاردەی وتەکانی کۆنفوشیوس)دا کۆکراونەتەوە.

سەردەمی ژیانی ئەو, سەردەمی ناکۆکی و فڕوفێڵی سیاسی و پێکداهەڵچوونەکانی بەرەبەیانی مێژوو بوو. لێکهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی چینیش، هەر لەوسەردەمەدا بوو. سەرەڕای سزای قورسیش، کەچی تاوانەکانی مرۆکوژی، بەرتیلخۆری، داوێنپیسی وتاوانەکانی تر بە کاری ئاسایی لەقەڵەم دەدران. لە شاری (لو)دا، سێ بنەماڵە لەسەر میراتی دەسەڵات لەگەڵ یەکدی لە کێبڕکێدا بوون، ئەمە لەکاتێکدا کە زۆرێك لە ئەرستۆکراتە خاوەن بروانامەکان، بەشوین پێگەیەك لەدەسەڵاتدا دەگەڕان، یان لەهەژاری ومەینەتدا دەژیان.

خودی کۆنفوشیوسیش لە بنەماڵەیەکی رەسەن و ئەرستۆکرات بوو، بەڵام بنەماڵەیەك کە تەواوی سامانی خۆیی لەدەستدابوو و بە نەداری مابووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنفۆشیۆس وەك ئەندامی خێزانێکی خانەدان، پەروەدەکراو فێری مۆسیقا وتیرهاوێژی وماسیگری بوو، بەپێی وتەکانی خۆی، لە راوەماسیدا تۆڕی بەکار نەدەهێنا و باڵندەشی لەکاتی پشوو وحەسانەوەدا راونەکردوون.

کۆنفۆشیۆس لەسەردەمی منالێیشیدا، قوتابیێکی راستەڕێ وکۆششکار بوو، لەتەمەنی بیست ساڵیدا بەکارمەندی بێناونیشان لە دەزگایەکی حکومی دامەزرا. ئەو خاوەن کەسێتییێکی ژیر ولێبڕاو بوو، بەمەش ئەرکەکانی وەدیارکەوتن ولەتەمەنی سی ساڵیدا بووە کەسێکی ناسراو.

کۆنفۆشیۆس زۆربەی سنووری قەڵەمڕەوی شازادەکانی خۆی گەڕاو داکۆکیی لە دیدگاکانی خۆی کردو ئومێدی ئەوەشی هەبوو، کە هەوڵ وبیروبۆچوونەکانی ببنە مایەی

پەسـندی شـازادەكان و لـەبـەڕێوەبردنی وڵاتـدا، سـوود لـە پێشنیارەكانی ئەو وەربگرن، بەڵام وەك دیار بوو، كەمتر گوێ دەدرایـە سـەرنج و بۆچـوونەكانی ، سـەرەنجام كۆنفۆشـیۆس بڕیـاری خـۆی دا، و هـەموو وزە و توانـای خـۆیی لـە پەروەردەوفێركردنی خەڵكدا خستەگەڕ.

كۆنفۆشیۆس لەشاری (لو) نیشتەجێ بـوو و فێرگەیـەكی بەنێوی خۆی دامەزراند و بەبێ ڕەچاوكردنی توانای داراییان، هەموو فێرخوازێكی وەردەگرت و فێردەكرد. كـاتێكیش كـە خەڵك لەكردنەوەی قوتابخانەكەی ئاگاداربوونەوە، منداڵەكانی خۆیانیان ناردنە لای و لەوێ وەرگیران، بەمەش لە مێژووی چـیندا، ئـەو بـووە یەكـەمین كـەس كـە فێرگـەی تایبـەت دابمەزرێنێ.

لاوێكی هەژار و دەستكورت لـە مـاڵێكی كەمدەرامـەت بەناوی (یان هوی) دەیەویست لەو فێرگەیە وەربگیرێ، بەڵام كەس وكـاری هێنـد هـەژار بـوون، كـە خـەرجی ڕۆژانـەی خۆشـیان پـێ دابـین نـەدەكرا. (یـان هـوی) ترسـی ئـەوەی لێنیشتبوو، وەرنەگیرێت، چـونكە مانگانـەی فێرگەكـەی بۆ دابین نەدەبوو. ڕۆژێك هاتە ئـەو شـوێنەی كـە كۆنفۆشـیۆس وتاری لێدەدا، بـینی كـە كۆمەڵـە خـەڵكێك لـەژێر دارێـك دانیشـتوون، گـوێی لێبـوو كۆنفۆشـیۆس دەیگـوت: "...هەركەسێ تەنانەت ئەگـەر دە پارچـە گۆشـتی قاورمـەش لەبری مانگانەی خۆی بـۆ فێرگـە بهێنێـت، لەهـەر بنەچـەو ڕەچەڵەكێكیشەوە بێت، وەردەگیرێت..." یان هوی بە بیستنی ئەو قسەیە بەخوێنگەرمی وهەڵەداوانەوە بەرەوماڵ گەڕایەوەو ئەو هەواڵەی گەیاندە زی لۆ و زی كۆنگی هـاوڕێی، چـەند ڕۆژێك دواتر هەرسـێكیان بوونـە فێرخـوازی كۆنفوشـیوس، تەنانەت پیاوێك بەناوی گۆنگ یێچانگ كە تـازە لـە زینـدان ئازادببوو، هاتەژێر سەرپەرشتی وچاودێریی كۆنفوشیوسەوە.

كۆنفۆشیۆس بەردەوام لەبارەی بەهاكانی خێرخـوازی بـۆ قوتابیـەكانی خـۆی دەدوا و گرنگیـی خۆشویسـتنی خـەڵكی وەبیردەهێنانەوە.

ڕۆژێك لە گەشتێكیدا كە لەگەڵ قوتابیەكانی بـۆ بنـاری چیای (تای) دەچوون، ژنێكیان بینی كـە لـەتەنیشـت گۆڕێـك دانیشتووە و شین و ڕۆڕۆیەتی، كۆنفۆشیۆس پرسیی: بۆچـی بەمشـێوەیە دەگـری؟ ژنـە بەچـاوی پـر فرمێسـكەوە وتـی: "خـەزوورم و مێـردم و كوڕەكـەم لێـرە بوونەتـە خـۆراكی بەورەكان" كۆنفۆشـیۆس پرسیی: ئـەی بـۆ یەكڕاسـت ئێـرە جێنـاهێڵی و بـڕۆی؟ ژنـە وتـی:"ئـاخر، دەسـەڵاتداری ئێـرە كەسێكی دادپەروەرەو ستەمكار نیە" كۆنفۆشیۆس بە بیستنی ئەوە ڕووی كردە خوێندكارانی و وتی:"كەواتـە دەبیـنن كـە زیاتر لە بەورێكی درنـدە دەبـێ لـە دەسـەڵاتداری سـتەمكار بترسین".

كۆنفۆشـیۆس هەمیشـە چـاودێریی وردی هەڵسـوكەوتی فێرخوازەكانی دەكرد. قوتابییەكی هەبوو بەناوی (زای یۆ) كە وەك هاوپۆلـەكانی كۆششـی نـەدەكرد، لـەناو پۆلـدا خـەو دەیبردەوە و كەسێكی لووتبەرزیش بوو. ڕۆژێك كۆنفۆشیۆس بە قوتابیەكانی گوت پشتگوێی بخەن، زای یـۆ دیسـانەوە لـە پۆلـدا خـەو بردیـەوە وسـەری خسـتە سـەر مێزەكـەی، كۆنفۆشـیۆس زۆر تـووڕە بـوو و لەخـەو هەڵیسـاند و سەرزەنشتی كـرد وپێیگـوت:"ئـەتۆ ئـیتر وەك پارچـەدارێكی ڕزیوت لێهاتووە, داری ڕزیـویش بەكـەس ناكرێتـە پارچـەی دارتاشی و هەڵكۆڵین، تۆ وەك دیوارێكی چـڵكنی كـە ئیـدی بەكەس سپی نابێتەوە". زای یۆ لـەوەڵامدا وتی:"مامۆستا ئـیتر هەرگیز كاری وا دووبارە ناكەمـەوە". كۆنفۆشـیۆس سـەری لەقاند و وتی:"دیارە من هـەردەم بـەڵێنی كەسـەكان بەهەنـد وەردەگرم، بەڵام سەبارەت بەم بارە تایبەتە، بەتەنها گـوێ بـۆ بەڵێنەكـەت نـاگرم، بـەڵكو دەبـێ لەمـەودا چـاودێریی بەجێهێنانی بەڵێنەكەشت بكەم". زای یۆ وەها شەرمەزار بـوو كە زمانی گیرا وسەری لەبەرخۆی نایەوە.

ڕۆژێك كۆنفۆشیۆس لەگـەڵ قوتابیـانی خـۆی بەمەبەسـتی كـۆڕگێران چـوونە شـاری (وی). لـەرێگادا دەربـارەی بابەتەكانی ئەدەبیات و شیعر ودەوڵەت گفتوگۆیـان دەكـرد، قوتابیەكان ڕێـزی زۆریـان لـە ئاسـتی تێگەیشـتن وفێربـوونی كۆنفۆشیۆس دەگرت، دەیانویسـت بـزانن ئایـا كۆنفۆشـیۆس لـەرابردوودا چـۆن لێكۆڵینـەوەكانی خـۆیی ئـەنجام داون. كۆنفۆشیۆس وتی:"من بەردەوام بیرم لەم بابەت و لەو بابەت دەكـردەوە، تەنانـەت هەنـدێ جـار خـەو وخواردنیشـم فەرامۆشـدەكرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا شـتێكی ئـەوتۆم وەگـیر نەدەكـەوت. سـەبارەت بـە هـەر شـتێك بـەردەوام كتێـبم دەخوێندەوە، بەڵام دیسان سـوودێكی وای نـەبوو، ماوەیـەكی زۆری بـرد، تـا تێگەیشـتم كـە خوێندنـەوەی زۆر بـەبێ بـەكارهێنانی مێشـك چ سـوودێكی نـابێ. لـە لایـەكی دی، ئەگـەر بیركردنـەوە لـە واقیعـینی جیابكرێتـەوە ولـەكاتی خوێندنەوەی كتێب سەرنج و تێڕامانی وردمان نەبێ، سەرمان

لێدەشێوێت. مرۆ دەبێ بەردەوام بەوشتانەدا بچێتەوە، کە فێریان بووە و دەبێ خوێندنەوەکانی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی خۆی تێکەڵکێش بکات، بەسوودوەرگرتن لە بیروبۆچوونەکان مرۆ فێردەبێ کە ڕێنوێنیی هزرەکانی خۆی بکات و پەی بە کێشەکانی بەرێ و بەوجۆرە سەرکەوتنی دێتە ڕێ.

کۆنفۆشیۆس خۆی بۆ فێرکردنی خەڵکی تەرخان کردو بەدرێژایی ژیانی سێ هەزار فێرخوازی پێگەیاند، کە حەفتاو دوو کەس لەوانە، بوونە زانا وبیرمەندی سەردەمی خۆیان. کۆنفۆشیۆس توانی لەرێگەی فێرکردنەوە، دیدوبۆچوونە سیاسیەکانی خۆی بلاوبکاتەوە. دواجار خۆی و خوێندکارەکانی، قوتابخانەیەکی هزریی سەربەخۆیان دامەزراند. قوتاب خانەی کۆنفۆشیۆس کاریگەریی گەورە وبەرچاوی لەسەر وڵاتی چینی ماوەن سیستمی دەرەبەگایەتی (فیودالیزم) دانا کە هەزاران ساڵ بەردەوام بوو.

کۆنفۆشیۆس حەفتاو سێ ساڵ ژیا و مردنی لەناخەوە، بووە مایەی نیگەرانی وپرسەدانانی قوتابیەکانی. تەنانەت هەندێکیان ماوەی سێ ساڵ لە گۆڕەکەی دوورنەکەوتنەوە. زی لۆ ماوەی شەش ساڵ لەنزیك گۆڕەکەی ئەو ژیا. قوتابیەکان بۆ ئەوەی ئامۆژگاریەکانی ئەو لەبیر نەکەن، بەهەماهەنگیی یەکتر وتەو گفتوگۆکانی ئەویان نوسیەوە. دواتریش هەرچییێك لەبارەی بابەتگەلی جیاوازەوە لە لایەن کۆنفوشیوسەوە وترابێ، وەك چۆنیەتی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ گرفتەکان و بارە ناهەموارەکان کۆکرانەوەو تۆمار کران.هەموو ئەمانە لەژێر ناوی قوتابخانەی کۆنفوشیوسی لەکتێبی هەڵبژاردەی وتەکانی کۆنفوشیوسدا چاپ کران.

کۆنفۆشیۆس کەسێکی هۆشمەند و بەئاگا بوو، ئەو دروست هەمان ئەو کەسە بوو، کە ئەفلاتۆن بە فەیلەسووف


ئەفلاتون

ناوی دەهێنا. ئەو بە تەواوی دەرکی دەکرد، کە شتەکان دەبێ چۆن بن (راستی) ولەسەر ئەم تێگەیشتنەی خۆی خەڵکی پەروەردە دەکرد، خەڵکیش ئەویان بەرز دەنرخاند ولەکاتی پەرێشانی ودڵەڕاوکێیاندا کۆمەك و هاوکاریان لەو وەردەگرت.

پێدەچێ کۆنفۆشیۆس جگە لە دنیای بیروبۆچوونەکان وپەیڕەویی لە "رێباز"دا، لەهەوڵی ئەوەشدا بووبێ، کە بەسوودوەرگرتن لە پلەوپایە دەوڵەتیەکان، یان بەگرتنەبەری رەوشتی خێرخوازانە وگەورەیی نواندن، کاریگەری لەسەر دەوڵەتیش دابنێ. ئەو لەبارەی شتێکەوە نەدەدوا کە دەیزانی هیچی لێ نازانێ (وەك رێکخستنە سەربازیەکان وهیتر) و هەردەم سادەیی وعیشقی فێربوون لە هەڵسوکەوتەکانیدا شەپۆلی دەدا. لەکتێبی حەوتەمی هەڵبژاردەی وتەکانی کۆنفوشیوسدا هاتووە کە:"ئامۆژگارییەکانی مامۆستا لەسەر چوار کۆڵەکە هەڵنرابوون: فەرهەنگ، هەڵسوکەوتی ئەخلاقی، ئەوپەڕی هەوڵدان وراستگۆیی لە گوفتارەکاندا".

کۆنفۆشیۆس بەجۆرێك لەجۆرەکان لە هەڵسوکەوتە ئەخلاقیەکانی مرۆڤی ئەودەم و خۆیشی بەدبین بوو. دەیگوت ئومێدی ئەوەی نیە لەم دنیایەدا هۆشمەندێکی زانا بدۆزێتەوە و ناونیشانی حەکیمی زانا، یان مرۆڤی خێرخوازیشی بۆخۆی پێ قبوڵ نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەوپەڕی کۆششی خۆی خستبووە گەڕ، تا بنەماکانی "رێباز" باڵ بەسەر دنیادا بکێشن وخەڵکانی تریشی بە گرتنەبەری هەمان رێباز هاندەدا. ئەمە نموونەی مامۆستایەکی مەعنەویی هۆشمەندە کە لەخزمەتی رەوشتە تاکیەکان ورەوشتە کۆمەڵایەتیەکان، سەرەڕای ناکاریگەیی هەوڵەکانی، هێشتا لەبەدەستهێنانی ئەنجامی بیروباوەڕەکانی مکوڕە.

بەپێچەوانەی فەیلەسووفە ئەفلاتۆنیەکان، کۆنفۆشیۆس بەهای زۆری بۆ رەفتارە جوان وشایستەکان دادەنا، رەفتاری دروست وەك ریزگرتن لە خەڵکی رەشۆك وتاکە نائەرستۆکراتیەکان، ریزنان لە ئاداب و رسوم و پیرۆزیەکان، ریزگرتن لە دایك وباوك وزۆر رەفتاری شایستەی تر. لەکتێبی نۆیەم، بەشی چوارەمدا هاتووە کە:"مامۆستا هەرگیز چوار کاری ئەنجام نەدەدان: ئەو هەرگیز تەخمین و گومانی نەدەکرد، لەسەر هیچ پرسێکی نادیار ونالۆژیك پێداگریی نەدەکرد، سەرسەختیی نەدەنواند و کەسێکی خۆپەرست نەبوو".

بەگشتی کۆنفۆشیۆس کەسێکی زۆر مرۆڤدۆست بوو وسنووری کارو ئەرکەکانی خۆی باش دەزانی. هۆشمەند وتینووی فێربوون بوو. مرۆڤێکی سادە، بەڵام لەبارەی خێرخوازی و "رێباز"ەوە خۆراگروپایەدار بوو. رەوشتپەروەرومیانرەو بوو، واقیعبین، بەڵام ئایدیال وخودان رێبازی ژیان بوو، حەزی لەکار دەکرد ولەکۆششدا بوو، بەرێز وریزدار بوو.

بەجۆرێك نوقمی موزیك دەبوو، کەجارێکیان بۆ ماوەی سێ مانگ تامی گۆشتی نەکرد، هەروەها فێری کاری ئاسایی خەڵکانی دەستکورتی وەکو دوکانداری وچاودێریکردنی چراخانەکان بوو.

بەوپێیە، ئەگەرچی کۆنفۆشیۆس ئامادەی ئەنجامدانی هەرکارێکی رەوا بوو، بەڵام زۆربەی کات نەیدەتوانی کارێکی رەسمی بدۆزێتەوە. رەنگە بەهۆی پابەندبوونی بە بەها ئەخلاقیەکانەوە نەبووبێتە کەسێکی سوودمەند بۆ دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی، ئەو هەمیشە کاتی خۆی بە ئەنجامدانی کارێکەوە بەسەر دەبرد، کە خۆی حەزی لێبوو: ئەمەش یانی بەردەوامیی لە فێربوون.

کۆنفۆشیۆس لەتەمەنی پانزەساڵیەوە خووی دایە فێربوون و لە تەمەنی سی ساڵیدا هەستی بەوەکرد، کە خەریکە وردەوردە فێردەبێت و لەچل ساڵیدا ئیدی بەرچاوروون و لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا هەستی بەوە کرد، ئەرکێکی لەسەرشانە، کە ئەویش گرتنەبەری رێگای خوداوەندە. لەشەست ساڵییدا ئیدی بیستنی هەموو شتێکی بەلاوە ئاسایی و لەحەفتا ساڵیشدا دەیتوانی بەرەچاوکردنی بەها وبنەما ئەخلاقیەکان، دەست بداتە هەرکارێك بیەوێ.

هیچ مامۆستایەك بەتەنیا کاریگەریی تایبەتی لەسەر کۆنفۆشیۆس دانەنا، بەڵکو ئەو هەوڵی دەدا لەهەموو کەس شت فێر بێ. سەرمەشقی ئەو، فەرمانرەوای دێرینی هەرێمی (ژوو) بوو، کە لە دامەزراندنی زنجیرەی فەرمانرەواییدا، هاوکاریی کردبوو، کۆنفۆشیۆس جارێك پەیوەندیی مەعنەویی خۆی لەگەڵ فەرمانرەوای ژوودا بە دەربڕینی نیگەرانیی خۆی لەوەی دەمێکە نەهاتۆتە خەویەوە نیشان دابوو.

کۆنفۆشیۆس بەوردیەوە بەرهەمە کلاسیکەکانی مێژوو، شیعر، ئەدەبیات وبەتایبەت کتێبی گۆڕانکارییەکانی (ئی چینگ)ی خوێندبوونەوە. ئەو لەوباوەڕەدابوو، کە ئەگەر ماوەی پەنجا ساڵ خەریکی خوێندنەوەی کتێبی گۆڕانکارییەکان بێت، ئیدی هەرگیز تووشی هەڵەیەکی گەورە نابێت.

کۆنفۆشیۆس لەمناڵیەوە دایك و باوکی خۆی لەدەستدان، دواتر چووە ژیانی هاوسەری و بووە باوکی کچێك و کوڕێك، چاودێریی براگەورەکەشی دەکرد کە کەمئەندام بوو، ئەو هەرگیز لە ویستی بەدەستهێنانی شتدا زیادەڕۆیی نەدەکرد، جگە لەوەی بۆنەیەکی ماتەمگێڕیی تەواوی دەویست. هەرگیز لێوی لەشەراب نەدا.

دەتوانین کۆنفۆشیۆس وەك یەکەمین مامۆستای ساڵمەندانیش ناو ببەین، هەموو فێرخواز و دیاریەکانیانی وەردەگرت، بگرە فێرخوازی دەستکورت و بێدیاریشی وەردەگرتن.

ئەگەرچی دەسەڵاتداران بەپێی رێنماییەکانی ئەو کاریان نەدەکرد، بەڵام سەرەنجام لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا پۆستێکی حکومییان پێ بەخشی. کۆنفۆشیۆس ئامۆژگاریی (جی گۆنگ زی)ی گەورەی بنەماڵەی حوکمڕانی دەکرد، کە رێزی دایك وباوکی خۆی بگرێت و دەگەڵ مناڵەکانیشیدا میهرەبانی بنوێنێ. پلەی کەسانی شایستە وبەتوانا بەرز بکاتەوە وکەسانی هیچ لەبارنەبووش رابهێنێ. لێرەدا دەبینین کە چۆن کۆنفۆشیۆس بایەخی فێربوون و توانایی خستۆتە سەر خەسڵەتی بۆماوەییەوە. هەندێك لەقوتابیانی کۆنفۆشیۆس پۆستی گرنگیان لەحکومەت پێسپێردرا. ئەو زی لۆی بەهۆی کارامەیی و زی گۆنگی بەهۆی تێگەیشتن و رەن کیوشی بەهۆی گونجاویەوە بۆ وەرگرتنی پۆست دەستنیشانکردن.

جگەلە وانە گوتنەوە، کۆنفۆشیۆس بە نووسینی دیوانە شیعری ئەدیس وساڵنامەی بەهار وپاییز، نوێگەری لەمۆسیقا

و تەشریفات، هەروەها شیکردنەوەو خوێندنەوەکەی بۆ "کتێبی گۆڕانکاریەکان" بەناوبانگە. سەرچاوەی سەرەکیی ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی ئەو کەلەگفتوگۆ و وانەبێژیەکانی لەگەڵ قوتابیەکانی بەرجەستەکراوە ولەکتێبی هەڵبژاردەی وتەکانی ئەو کە لەلایەن (لۆنگ یو)ەوە ئامادەکراوە، لەلایەن قوتابیەکانیەوە نووسراونەتەوە. لەو نووسینانەدا نەك هەر تەنها پەی بە هزر وبۆچوونی کۆنفۆشیۆس دەبەین، بەڵکو شێوەی وانەوتنەوەو ڕەفتار و بیروبۆچۆنیشیمان بۆ دەردەکەوێت. دەڵێن هەرگیز پێشبینیی سەرەنجامەکانی نەدەکرد، سەرسەخت و یەکدەندە و خۆپەسند نەبوو، کەسێکی میهرەبان و ئارام بوو، بەسەرخۆیدا زاڵ بەلاّم توندوتیژ نەبوو، بەرێز وئاسانکار بوو.

زی کۆنگ دەڵێ:"کۆنفۆشیۆس بەوپەڕی دڵگەرمی، ڕاستگۆیی، میانەڕەوانە وڕێزەوە لە ویلایەتەکانی دەورروبەر، زانیاریی کۆدەکردەوە، هەڵبەت خەڵکانی تر ئەم شێوازەیان بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانیان پەیڕەو نەدەکرد". کۆنفۆشیۆس مرۆڤێکی ئارام و رووخۆش بوو و لە ڕەخنەی قوتابیەکانی خۆی بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی نەدەڕەنجا.

کۆنفۆشیۆس ڕێزێکی زۆر وتایبەتی بۆ ماتەمگێڕان دادەنا وخەسڵەتی ڕێزگرتن لە دایك وباوکی بە خەسڵەتێکی سەرەکی و بەهادار دەزانی. ئەو گوتویەتی:"مرۆڤ لەکاتی خزمەتکردنی دایك وباوك، دەبێ بەنەرمی ڕەفتار بکات، ئەگەر لەگەڵ بیروبۆچۆنی ئەواندا کۆك نەبوو، و نەشتوانێ بیروبۆچوونەکانیان بگۆڕێت، ئەوا نابێ دژایەتیان بکات. ڕەنگە لێیان دڵگران بێت، بەلاّم نابێ بەرامبەر بەوان نامیهرەبان بیت".

کۆنفۆشیۆس گرنگیی زۆری بەخەڵك دەدا ورەنگە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، بەیەکەمین هۆمانیست (مرۆڤپەروەر) لەقەڵەم بدرێ. لەکاتی سووتانی تەویلەیەکی ئاژەڵان، ئەو هەر زوو هەواڵی مرۆڤەکانی دەپرسی، داخێ زیانیان پێنەگەیشتووە وگرنگییەکی بە ئەسپەکانی نێو تەویلە سووتاوەکە نەدەدا. لە ئیرادەو ویستی مرۆڤەکان بەئاگا بوو و لەو باوەڕەدابوو کە دەتوانرێ فەرماندەی سێ لەشکر لە هێزەکانیان جیابکرێنەوە، بەلاّم ناتوانرێ ئیرادە لە کەسێکی ئاسایی بسەنرێتەوە ولێی زەوت بکرێت. لەبارەی (دایۆ)وە دەدوێ ودەڵێ:"سپێدان گوێ لە دایۆ بگرە، و لەشەودا بەرەزامەندیەوە بمرە". لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەو لەوباوەڕەدا بوو کە:

ئەوە مرۆڤە دەتوانێ ڕێچکەکان فراوان بکات، ڕێگا ناتوانێ مرۆڤ گەورە بکات.

مرۆ دەتوانێت لەنێو مرۆڤە دڕندەکانیشدا ژیان بەسەر ببات، چونکە شکۆمەندی گۆشەگیر نابێت و هەردەم بۆخۆی هاودەمێك دەدۆزێتەوە، مرۆڤی شکۆمەند دەبێ دەستی هاوکاری بۆ نیازمەندان درێژ بکات، نەوەك برەو بە سامانی دەوڵەمەندەکان بدات.

کۆنفۆشیۆس لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە گەشەپێدانی فەرهەنگ ئەرکی سەرشانیەتی و ئەو ئەرکەش لەلایەن پادشای (وەن)ەوە بەو سپێردراوە، بەوبڕوایەی، کە ئەوە ویستی خوداوەندە، لەهیچ شتێك بگرە لەمردنیش سڵی نەدەکردەوە.

هەروەها باوەڕی بە لەخواپاڕانەوە هەبوو وپێیوابوو، ئەو کەسەی پشت لەخوا دەکات، ئیدی کەسێکی تری بۆ نامێنێتەوە، تا داوای کۆمەکی لێبکات. ئەو ئومێد وئارەزووی ئەوەی دەکرد، کە ئەگەر لەم دنیاش کارەکانی بێبەرهەم بن، لەمەلەکوتدا بەرهەمێکیان دەبێت.

کۆنفۆشیۆس لەوباوەڕەدا بوو، کە کەسانی دیکەی وەك ئەو، راستگۆو سەرڕاست هەن، بەلاّم کەس هێندەی ئەو متوی فێربوون نیە. هەر بارودۆخێکی تازە بۆ ئەو، دەرس و وانەیەك بوو. ئەودەمەی لەگەڵ کەسێك بەرێدا دەڕۆیی، لاسایی هەڵسوکەوت ورەفتارە جوانەکانی ئەو کەسەی دەکردەوە و بەتێبینیکردنی هەڵەی خەڵکانی تر، هەڵەکانی خۆی راست دەکردنەوە. کۆنفۆشیۆس بانگەشەی دانایی و تەنانەت شکۆداریی تەواویشی نەدەکرد. بەلاّم ماندونەناسانە لەهەوڵی فێربوون و فێرکردنی خەڵکیدا بوو.

کۆنفۆشیۆس پێیوابوو کە سروشتی هەموو مرۆڤەکان هاوشێوەیە، ئەو جیاوازیەی کە لەنێوانیاندا دروستبووە، بەهۆی کردەوەکانیانەوەیە.

## میتۆدی کۆنفوشیوس

کۆنفۆشیۆس تاکە دیاردەی پربەهایە لەمێژووی چیندا. ئەو هەموو شتێکی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە: پەروەردە وفێرکردن، حکومەت، ڕەفتارە تاکەکەسی وکۆمەلاّیەتیەکانی

چینیەکان. میتۆدی کۆنفۆشیۆس مەزهەبێك نیە. پتر فەلسەفە ورێنوێنییێکە بۆ رەوشتە دروست وئەخلاقیەکان.

سەردەمی هاتنە دنیای کۆنفوشیوس، سەردەمی شەڕ وپێکداهەڵچوونەکان بوو و گۆڕانە سیاسیە یەکبەدوایەکەکان، پێکهاتەی کۆمەڵگەی چینیان وەها گۆڕی، کە ئیدی چینیەکان هیچ بەهایەکیان بۆ رێنوێنیەچاکەکان دانەدەنا. کۆنفۆشیۆس پێیوابوو کە مرۆڤی راستەقینە ئەو کەسەیەکە خودان کەسێتییێکی رەوشتپەروەرە. مرۆڤی راستەقینە بەرێزەوە لە خواپەرستی دەڕوانێ و رێزی دایك وباوك دەگرێ و دەسەلاتیش دەپارێزێ. دەبێ بیربکاتەوە وبنەما راستەقینەکانی خورە وشت بکاتە رێنیشاندەری خۆی.



بودا

بەگوتەی کۆنفۆشیۆس دەبێ مرۆڤی راستەقینە:"لەپێناو پەی بردن بە خورەوشتە چاکەکان هێندەی هەوڵی کەسانی هەلپەرست بۆ وەچنگ خستنی سوود وبەرژەوەندیی زیاتر، هەوڵ بدات". بەبڕوای کۆنفۆشیۆس وەها رەفتارێکی باش لە لایەن دەسەلاتداران، پتر لە یاسا و چوارچێوە یاساییەکان کاریگەر دەبێت، بەمپێیە ئەگەر ئەمجۆرە خەڵکە دەسەلات بگرنە دەست، خورەوشتی ئەخلاقییان دەبێتە سەرمەشق بۆ خەڵکانی تر ودەبنە هەوێنی ژیان وگوزەرانێکی باشتر بۆ خەڵك.

ئەودەمەی کۆنفۆشیۆس ماڵئاوایی لەژیان کرد، فەلسەفەکەی هێندە نەناسرابوو. رەنگە ئەگەر هەوڵی قوتابیەکانی نەبوایە، تائێستاش بەنەناسراوی دەمایەوە. کۆنفۆشیۆس هەرگیز لەلایەن خۆیەوە شتێکی نەنووسی، هەموو وتەکانی ئەو لەلایەن قوتابیەکانیەوە لەزنجیرەیەك کتێبدا بەناوی (هەڵبژاردەی وتەکان) نووسرانەوە. ئەو زنجیرە کتێبە سەرچاوەی هەموو ئەو زانیاریانەن، کە مرۆڤی ئێستا دەربارەی کۆنفۆشیۆس دەیانزانێ.

دوو فەیلەسووفی گرنگی کۆنفوشیوسی لەمێژوودا هەن: یەکێکیان منسیوس (305-390 پ.ز) وئەوی دی زۆن زی (نزیکەی 200 ساڵ پ.ز) کە هەندێ بیروبۆچوونیان هاوشێوەی هی کۆنفۆشیۆس بوو، بەڵام لەراستیدا تیڕوانینێکی جیاوازیان هەبوو بۆ شتەکان.

دیدوبۆچوونی مینسیوس ئەوەبوو، کە مرۆڤەکان هەموویان بەباش دێنە دنیا، تەنها دەبێ:"دڵسۆزی و میهرەبانی سروشتی نێو دەروونیان بپارێزن". زۆن زی بەپێچەوانەوە دەیگوت، ئەگەر خەڵك هزری خۆیان بە پەروەردە وخورەوشتی باش رابهێنن، دەتوانن مرۆڤگەلی باش بن و بەئارامی ژیان بەسەرببەن. ئەم دوو بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونی کۆنفوشیوس، کە پێیوایە مرۆڤەکان دەتوانن باش بن، لێك نزیکدەبنەوە.

میتۆدی کۆنفوشیوس، بەپێچەوانەی بودیزم وتایویزم، کە تواناکانی تاك لەپێناو هەماهەنگیی گونجان لەگەڵ سروشتدا

لەبەرچاودەگرن، لەبنەڕەتدا گرنگی دەدات بە خواستەکانی کۆمەڵگە. لەدەسپێکیساڵەکانی 200ی بەرلەزایین، بودیزم و تایویزم ڕۆڵی کاریگەریان گێڕا لەگۆڕینی چوارچێوەکانی میتۆدی کۆنفۆشیۆس و هەندێ چەمکی تازە ی وەك (سروشت)یان هێنایە گۆڕێ. لەساڵانی نێوان 200–600ی زایینی بیروبۆچوونەکانی کۆنفۆشیۆس لاوازبوونێکی بنەڕەتیان بەخۆوەبینی. بەشێکی ئەم لاوازبوونە بەهۆی ئەوە بوو، کە دەبوا میتۆدی کۆنفوشیوس، کێبڕکێی بودیزم و تایویزم بکات، کە ئەودەم لەگەشانەوەدابوون. ئەم دوو مەزهەبە لەهەمبەر میتۆدی کۆنفوشیوسدا وەك شەو وابوون لە بەرامبەر ڕۆژدا، یان بەدەربڕینێکی تر خاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێنوێنیەکانی کۆنفۆشیۆس بوون. بودیزم و تایویزم زۆر لەخەمی چەمکگەلی وەك ڕەنج و مەرگدا بوون، ئەمە لەکاتێکدا کە لە میتۆدی کۆنفوشیوسدا، بەشێوەیەکی ڕۆشن ئەو چەمکانە بەهەند هەڵنەدەگیران. میتۆدی کۆنفۆشیۆس لەدەورووبەری ساڵانی 600ی زایینی زیندوو و تا ساڵەکانی 700ی زایینی بەتەواوی زیندووبووەوە. لەساڵەکانی 1100ی زایینی بزووتنەوەیەك بەناوی میتۆدی نوێی کۆنفۆشیۆس بەڕابەریی زو–کسی سەریهەڵدا. ئەو لقێکی بزووتنەوەکەی بەناوی باڵی عەقڵگەرایی گەشەپێدا. ئەو لقە پەیوەست بوو بە خوێندنەوەی (لی) یاخود پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت. لقیکی تر بەناوی باڵی گەواهی دەرکەوت، کە پتر تایبەت بوو رۆشنگەری لەڕێگەی پێکهاتەیەك لە وردبوونەوە (meditation) و ڕەفتارە ئەخلاقیەکان.

لەساڵانی 1900 پێکداهەڵچوونێك لەنێوان بیروباوەڕە ڕۆژئاواییەکانی کۆمۆنیزم سەریهەڵدا. تاساڵانی دوای گۆڕانکاریەکانی کۆمۆنیزمی چینی، دەوڵەت بەتوندی دژی بیروباوەڕەکانی کۆنفۆشیۆس دەوەستایەوە، چونکە میتۆدی کۆنفۆشیۆس لەبری ئایینەدە، چاوی دابووە رابردوو. بەهەرحاڵ هەموو ئەو دژایەتیانەی دەوڵەت لەساڵی 1977دا کۆتاییان هات.

## هەڵبژاردەیەك لەوتەکانی کۆنفۆشیۆس

1/ خانەوادەکەت وەك چۆن ماسیێکی چکۆلە دەبرژێنرێ، ئاوا بەڕێوەی بەرە: زۆر بەنەرمی ورووخۆشی.

2/ بۆ ڕاستەڕێکردنی جیهان، دەبێ یەکەم گەلان ڕاستەڕێ بکرێن، بۆ ڕاستەڕێکردنی گەلانیش، دەبێ لەپێشدا خێزان ڕێکبخەین، و بۆ ڕێکخستنی خێزان سەرەتا دەبێ خۆمان ڕێکبخەین، دەبێ یەکەم دڵمان پاك بکەینەوە.

3/ کەسێك بیەوێ بەرژەوەندیی خەڵکی مسۆگەر بکات، لەپێشدا بەرژەوەندیی خۆیی مسۆگەر کردووە.

4/ بێدەنگی هاوڕێیەکە، هەرگیز خیانەت ناکات.

5/ کاتێك لەگەڵ کەسێکی باشتر لەخۆت ئاشنا دەبی، هەوڵدە وەك ئەوت لێبێ. کەلەگەڵ کەسێکیشدا ئاشنا دەبێ، کە بەباشیی تۆ ناگا، لەدەروونی خۆت وردبەوەو بەهای خۆت بزانە.

6/ چاکترین مرۆڤەکان، گرنگی دەدەنە چاکەی خەڵکانی دی و خراپەکانیان بەرجەستە ناکەن. مرۆڤە نزمەکان پێچەوانەی ئەوە دەکەن.

7/ حەز مەکە لەئەنجامدانی کارەکاندا پەلە بکەیت، بەدوای بەرژەوەندیی بچووکدا مەگەڕێ. هەڵپەکردن لەئەنجامدانی کارەکان دەبێتە هۆی بەباشی ئەنجامنەدانیان و دوای بەرژەوەندیی بچوك کەوتنیش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی کاری مەزن.

8/ لەسێ ڕێگەوە دەتوانین عەقڵ وەربگرین: یەکەم بە بیرکردنەوە وسەرنجدان، کە بنەڕەتیترین ڕێگایە. دووەم، بە چاولێکەری، کە ئاسانترین ڕێگایە وسەرەنجام بە ئەزموون کە تاڵترینی ڕێگاکانە.

9/ گەر پێمبڵێی، لەبیرتدەکەم. گەر نیشانم دەی وەبیردەهێنمەوە. گەر تینم بۆ بێنی، تێدەگەم.

10/ گەشتی هەزاران کیلۆمەتر بە هەنگاوی یەکەم دەست پێدەکات.

11/ مرۆڤی پایەبەرز کەم دەدوێ و زۆر ئەنجام دەدات.

12/ توانای ئێمە، هەرگیز لەتاقەتی ئەو چاوەڕوانیەدانیە کە لێی دەکەین.

13/ لە بەورێك پتر، دەبێ لە حکومەتی ستەمکار بترسین.

14/ بەبیرت بێ، گرنگ نیە بۆکوێ دەچی، هەر ئەوەندە پێت هەڵگرت، لەوێ خۆت دەبینیەوە.

15/ ئەڵماسێك، تەنانەت درزیشی بردبێ، لە بەردێکی درزنەبردو باشترە.

16/ ئەو کارەی حەزت لێیەتی، بیکە بە پیشە، تاکو ناچار نەبی بەدرێژایی تەمەن کار بکەیت.

17/ ژیان ومەرگ لەپێشدا دیاریکراون. سامان و شانازی بەدەست خواوەندە.

18/ هەموو شـتێك جوانـه، بـەڵام هـەموان ئـەو جوانیـە نابینن.

19/ ئەو کەسەی فێردەبێت و بیرناکاتەوە گومرایە، بەڵام ئەوەی بیردەکاتەوە وفێرنابێت لەمەترسییەکی گەورەدایە.

20/ ئـەوەی زیـاد لەپێویسـت بـدوێ، ئەسـتەمە بتوانـێ قسەی باش بکات.

21/ بەهەشت یانی رێکبوون لەگەڵ خودا.

22/ گرفتم ئەوە نیـە، کـە خـەڵکی تـر بمناسـن، گـرفتم ئەوەیە کە تاچەند خوازیاری توانینم.

23/ ئەگەر لـەگەڵ دوو کەسی تـر بەرێـدا بـڕۆم، ئـەوان دەبنە مامۆستای من. خاڵە باشـەکانی یـەکێکیان دەستنیشـان دەکەم و چـاوی لێدەکـەم، خاڵـە خراپـەکانی ئـەوی دیـش دەستیشان دەکەم و لەدەروونی خۆمدا راستیان دەکەمەوە.

24/ گەر ژیان نەناسین، چۆن دەتوانین مردن بناسین؟

25/ گەر سەیری دڵت بکەیت و کەم وکوڕیی تێدا بەدی نەکەی، ئیدی بۆ نیگەرانی؟ بۆ دەترسی؟

26/ ئەگەر تەقە لەئەستێران بکەی و مانگ بپێکی، کێشە نیە، گرنگ ئەوەیە کە تەقە لـە شـتێك بکـەی. زۆر خـەڵك هەن هەر تەقە ناکەن.

27/ لەوڵاتێکـدا کـە بـەڕێوەبردنێکی چـاکی هـەبێ، هـەبوونی هـەژاری مایـەی شـەرمەزاریە. لەوڵاتێکیشـدا کـە بەڕێوەبردنێکی خراپی هەیە، دەوڵەمەندی مایەی نەنگیە.

28/ لەبری ئەوەی سەرقاڵی بەدەستهێنانی کار وپلەوپایە بن، با بیرتان لای شایستەبوون بۆ ئەو کارو بەرپرسیێتیە بێـت. نیگەرانی ئەوە مەبە کە نەناسراویت، کارێك بکە کـە بتکاتـە شایستەی ناساندن.

29/ گرنگ نیە کـە چـەندە لەسـەرخۆ هـەنگاو دەنێـی، گرنگ ئەوەیە نەوەستی.

30/ کینــەگرتن ئاســان و خۆشویســتن دژوارە. هــەموو شـتێك بـەم چەشـنەیە: ئەنجامـدانی کـاری بـاش قـورس و ئەنجامدانی کاری خراپ سانایە.

31/ بێباوەڕی لە هاوڕێیـان پـتر لـە فریوخـواردن لێیـان مایەی نەنگیە.

32/ بەراسـتی ژیـان سـادەیە، بـەڵام ئـەوە ئێمـەین کـە پێدادەگرین ئاڵۆزی بکەین.

33/ سەیر کەن مرۆڤ بۆ گەیشتن بـە ویسـت و ئـارەزوو وچێژەکانی دەست دەداتە ئەو هەموو کارە، و ناتوانـێ خـۆی لەپەنای هیچ شتێکدا بشارێتەوە.

34/ هەرگیز هاوڕێیەتیی کەسێك مەکە کە لەخۆت باشتر نیە.

35/ هەرگیز شمشێر مەدە دەسـت کەسـێك کـە نـازانێ سەما بکات.

36/ هەرچەندی پێتوابێ سەرت قاڵە، بەڵام بۆ خوێندنەوە وهەڵپەساردنی فەرامۆشییەکی ویسـتراو دەبـێ کـات تـەرخان بکەیت.

37/ تەنها دەبەنگترین و ژیرترین مرۆڤەکانن کە لەگۆڕان نەهاتوون.

38/ باوەڕ بێنە کە پـیری شـتێکی دڵگـیرە، راسـتە مـرۆڤ بەئەسـپایی لەشـانۆ وەدەردەنـرێ، بـەڵام دواتـر جێیـەکی ئاسوودەی لە ریزی پێشەوەی تەماشاچیان پێدەبەخشرێ.

39/ شانازیی گەورە ئەوە نیە کە نەگلێین، بەڵکو ئەوەیـە کە دوای هەر کەوتنێك هەستینەوە سەرپێ.

40/ دانـایی راسـتەقینەی هـەر کەسـێك، زانـینی رادەی نەزانیەکەیەتی.

41/ هەق بڵێ، بەتووڕەیی زۆرەوە هـاوار مەکـە. ئەگـەر شتێکی کەمیان لێ داواکردی بیبەخشە. بەوە سێ هـەنگاوت بەرەو لای خواوەند هەڵێناوە.

42/ سەرکەوتن پەیوەسـتە بـە خۆئامـادەکردنی بـەرایی. دڵنیابە کە بەبێ ئەو خۆ ئامادەکردنە، شکست دێنی.

43/ گەر دەتەوێ پێشبینیی ئایینـدە بکـەی، بـەرابردوودا بچۆرەوە.

44/ دەبێ رێز لە کتێبفرۆش بگیرێت، چونکە سـەرنجمان بـۆ کتێبگـەلێك رادەکێشـێ، کـە زیـاتر لەهـەموو شـتێ پێویستمانن وزیاتر لەهەموو شتێکیش لێیان بێئاگاین.

45/ هۆشمەند بەکەمی دەکەوێتە هەڵەوە.

46/ سـەرەنجامی ئـەو چـاوەڕوانیەی لەژیانـدا هەمانـە، پەیوەستە بە کۆششـی خۆمـان. ئـەو وەسـتایەی کـە بیـەوێ کارەکەی بێخەوش بێ، دەبێ سەرەتا ئامێرەکانی تیژکاتەوە.

47/ مرۆڤـی پایـەدار، خـۆڕاگر، سـادە وسـاکار لـە شکۆمەندی نزیکترە.

48/ ئامانجی مرۆڤی شکۆمەند، گەیشتنە بە راستی.

49/ هێزو توانای هەر گەلێك لە یەكێتیی نێو خێزانەوە سەرچاوە دەگرێ.

50/ مرۆڤی پایەبەرز لە سنوربەندیی تواناكانی نیگەرانە، نیگەرانی ئەوە نیە كە نەبادا خەڵكانی تر پەی بە تواناكانی نەبەن.

51/ مرۆڤە بژاردەكان هەمیشە بیر لە شكۆمەندی دەكەنەوە و رەشەخەڵكیش لەخەیاڵی ئاسایشدان.

52/ مرۆڤی پایەبەرز تێدەگات، كە كام شت دروستە و مرۆڤی نزم دەزانێ كە كامە شت باش دەفرۆشرێ.

53/ چەرخی بەخت، هەردەم لەخولانەوەدایە، داخۆ كێ دەتوانێ بڵێ من ئەمڕۆ لەهەموان باڵاترم.

54/ هەڵەكردن گرنگ نیە، مەگەر ئەوەی هەمیشە وەبیر خۆیی بهێنیەوە.

55/ ویستی بەدەستهێنان، خواستی سەركەوتن وپێداگری لەسەر گەیشتن بەوپەڕی تواناكانی خود، ئەمانە كلیلن بۆ كردنەوەی دەرگای پایەبەرزیی مرۆڤ.

56/ دەبێ جێگۆڕكێ بكەن، كێیە كە هەردەم خۆشبەختی، یان عەقڵی میوانە؟

57/ زیادەڕۆیی باكەمیش بێت هەر خراپە.

58/ دانایی، واتە بزانی كە هیچ نازانی. ئەمە مانای زانینی راستەقینەیە.

59/ ئەگەر بزانین كارێك نادروستە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی بدەین، ئەوپەڕی ترسنۆكیە.

60/ سەیركردن و گوێدانە كەسانی بەدكار، خۆی لەخۆیدا دسپێكی بەدكاریە.

61/ ئەنجامدانی پێنج كار لە هەموو هەلومەرجێكدا نیشانەی شكۆمەندیی تەواون: سەنگینی، روح سووكی، دڵسۆزی، چاكە ومیهرەبانی.

62/ شكۆمەندی هەرگیز تەنیا نامێنێتەوە، ئەوەی كە بەشكۆمەندی هەنگاو دەنێ، هاوڕێ وهاودەمی بۆ پەیدا دەبن.

63/ هەركاتێك پیاوانی مەزن كاری بچوكیان ئەنجامدا، بەكەساسی بەخۆدا دەچنەوە.

64/ ئەو كارەی حەز ناكەی لەگەڵ تۆدا بكرێ، لەگەڵ خەڵكی مەكە.

65/ لەكاتی هەڵچووندا بیر لە پاشهاتەكەی بكەوە.

66/ كاتێك كە ئامانجەكەت رۆشن نیە، جێگۆڕكێ بە ئامانجەكەت مەكە، بەڵكو رێگای بەئامانج گەیشتن بگۆڕە.

67/ ئەو كارەی بۆ خەڵكی دەكەی بەهەمان حەز ئەنجامی بدە كە بۆ خۆتی دەكەی.

68/ كاتێ شتێك دەزانی پابەندی بەوەی كە نایزانی بزانە كە نایزانی، ئەوەیە دانایی.

69/ هەر هەنگاوێك دەنێی، بە دڵ و بەگیان بینێ.

70/ ناشێ كتێبێك بكەیتەوە و شتێكی لێ فێر نەبی.